

# پەپوولە

**موعتەسەم ساڵەیی**
**(کەرکووک)**

لەکۆنەوە وتراوە (هەر کەللە و ئاوازێک)، بەو مانایەی هەرکەسێک خولیای شتێکی کەوتووەتەسەر، بەو ڕادەیەی کە زۆر بیر لەو شتە دەکاتەوەو بەلایەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لەوانەیە ئەگەر ئەو کەسە خولیای خۆی بۆ کەسێکی دی باس بکات، بۆی هەیە بەڕوویدا پێبکەنن و بۆچوونەکەی بەهەند وەرنەگرن. بەدرێژایی ڕۆژگار هەموو خەڵکی بێ سرەوت دێن و دەچن و ژیانیان بەسەردەبەن، هەریەکەو بەرەو ئامانج و مەبەستێکی تایبەتی هەنگاو دەنێن، منیش هاوشێوەی ئەو هەموو خەڵکە مافی خۆمە ئەگەر ژیانی ڕۆژانەی خۆم دەستنیشان بکەم، یان بەرەو چەند ئامانجێکی تایبەتی هەنگاو بنێم.

بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ دەچێت کە بیر و هۆشم بەلای دنیای پەپوولەدا دەچێت، بەو ڕادەیەی کە گرنگییەکی لەڕادەبەدەرم پێ بەخشیوە، لەساڵانێکی زووەوە نەخشەم کێشاوە کە کتێبێک بنووسم، سەرلەبەری تەرخان بکەم بۆ دنیای جوانیی پەپوولە، ئەم زیندەوەرە باڵ نەخشینە لەنێو سەوزایی و گوڵ و گوڵزاردا بێوچان، بەبێدەنگی هەڵدەفڕن. تاونەتاوێک وچانێکی لێ دەگرن و زۆری پێ ناچێت باڵی نەرمونیان و ڕەنگینی خۆیان دەخەنە جووڵە و بۆ شوێنێکی نزیک هەڵدەفڕنەوە. ئەگەر مێروو بێت، یان باڵدار و هەر ناوێکی تری هەبێت، بەوە ناسراوە کە بێوەی و بێزەواڵە. دیمەنی جوانیان و نەرمە فڕینەکانیان، دەبنە مایەی سەرنج و ڕامانی کەسانی هەست و هۆش ناسک، بەتایبەتی منداڵان زۆر بەبینینی ئەو باڵدارە وردیلە ئێسک سووکانە سەرسامن، دەتوانم بڵێم هەر کەسێک لەئێمە

زۆر، یان کەم لەدەورانی منداڵیماندا کەوتووینەتە ڕاوەدوونانیان، خۆشەویستی و شەیداییمان بۆیان پاڵی پێوەناوین تا لێیان نزیک ببینەوە، یان بەپەنجە نەرمەکانمان باڵی نەرمیان بگرین. کارێکی ئاساییە ئەگەر شاعیران و نووسەران بیاندەنە ژێر باری سەرنج و تێڕامان.

کارێکی زۆر ئاساییە ئەگەر شاکاری ئەدەبی و هونەریشیان لێ بێتە بەرهەم، منیش هەر لەو ڕوانگەیەوە ڕێ دەگرمەبەر، مەبەستمە کتێبێک بۆ دنیای بەرفراوان و ڕەنگینی پەپوولە تەرخان بکەم .

لەناخمەوە پاڵنەرێک بەردەوام هانم دەدات، بێپەروا پێم دەڵێ دەی و دەی، بەو مانایەی بە جەختەوە قۆڵی لێ هەڵماڵم، کاتی تەواوی خۆمیشی بۆ تەرخان بکەم، لەپێناوی بەجێگەیاندنی ئەو پرۆژەیە. هەر لەسەرەتاوە وەهای تێ دەگەم کە کارێکی سووک و ئاسان ناکەم، بەڵکوو هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە و دەیدەمە بەرنیگا، بۆم دەردەکەوێت کە کارێکی قورس دەکەم.

بەدووری نازانم کەسانێک هەبن و ئەم قسانەی منیان بکەوێتە بەرگوێ، بزە بەسەر لێوانیانەوە بنەخشێت، ئەگەر بەزمانیش نەیدەن بەڕوومدا، بۆی هەیە لەدڵەوە گاڵتە بەقسەکانم بکەن، لەبەرخۆیانەوە بڵێن داخۆ پەپوولەی وردیلە دەبێت چ سەنگ و قورساییەکی هەبێت، بۆئەوەی کتێبێک لەبارەیەوە بنووسرێتەوە! منیش لەڕوویەکەوە هاوڕام لەگەڵیاندا و دەڵێم ڕاستە ئەگەر پەپوولە بخرێتە سەر تەرازوو، ئەوە هیچ سەنگ و قورساییەکی ئەوتۆی نابێت، هەروەها لەنێو ژیانی جەنجاڵی ڕۆژانەی شارەکاندا هەرگیز پەپوولە بەرچاو ناکەون، چونکی پەپوولە لەنێو هەڵسوکەوت و هاتوچۆ و مامەڵەی خەڵکیدا جێیان نابێتەوە، بەڵکوو پەپوولە لەپەراوێزی ژیانی ڕۆژانەدا لەنێو باخچە و دارستان و سەوزایی و ڕۆخی جۆگەلەکاندا دەبینرێن، بەبێ دەنگی و بەنەرمییەوە هەڵدەفڕن و ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکەن. ئەگەر بەئاستەم پەنجەی مرۆڤیان بەربکەوێت، یەکسەر پەڕ و باڵی ناسک و نەرمیان هەڵدەپڕووکێن. کرۆکی باس و لێکۆڵینەوەکەم لەم دیاردەیەدا چڕ دەبێتەوە، چونکی مرۆڤی هەست و هۆش ناسکی ناخ ڕۆمانسی بەپەپوولە وێنا دەکرێت، ئەو جۆرە کەسانەیش بەوپەڕی نەرمونیانییەوە دەژین، هەرگیز بەرکەوتن و زەرەر و زیانیان بۆ هیچ کەسێک نییە .

هەر لەسەرەتاوە وەهای تێدەگەم کە ئەرکێکی قورسم خستووەتە ئەستۆی خۆم، بەوەی کە بڕیارم داوە لەبارەی دنیای پەپوولەوە بنووسم، جا چۆن بنووسم و یەکەم هەنگاویشم لەکوێوە دەست پێ بکات، یان چۆن نەخشە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژە ئەدەبییەم بکێشم. ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەناخمدا کەڵەکە بووە، هەرچەند دەیدەمە بەرمەزەنەوە بیری لێ دەکەمەوە، بەخۆم دەڵێم داخۆ هەنگاوەکانم بەرەو کوێم دەبەن، بەهەرحاڵ بڕیارێکە و پاشگەزبوونەوەی بۆ نییە .

بەنێو کتێبخانەکەمدا دەسووڕێمەوە و دیقەتی یەک بەیەکی کتێبەکانم دەدەم، بەو نیازەی کتێبێک، یان نامیلکەیەک، یان هەر سەرچاوەیەکم بکەوێتە دەست، بۆئەوەی یارمەتیم بدات و پاڵپشتیم بکات لەپێناو سەرخستنی پرۆژە ئەدەبییەکەمدا، بەڵام بەداخەوە هەموو گەڕان و سۆراخێکم بێ ئاکام دەرچوون، لەم ڕووەوە بەتەواوەتی دەستخەڕۆ بووم! لەئاکامدا وەهام بەباش زانی کە دەبێت بکەومە گەڕان و سەروسۆراخ، بەڵکوو بتوانم لێرە و لەوێ چاوم بەهەندێک خەڵکی بکەوێت، لەپێناوی ئەوەیدا بتوانم هەندێک زانیاری لەم ڕووەوە

بەچنگ بهێنم. وەهام بەباش زانی ڕووبکەمە سەوزاییەکانی ڕۆخی خڕی خاسە، کاتی خۆی بە منداڵی لەو دەوروبەرە بەپەرۆشەوە بەدووی پەپوولەدا دەکەوتینە ڕاکەڕاکە، خۆشەویستیمان بۆ ئەو زیندەوەرە باڵ ڕەنگینانە، هانیان دەداین بەدوویان بکەوین و بەپەنجەی نەرممان، باڵی نەرم و ناسکیان بگرین و تێر تەماشای جوانییان بکەین، بەنێو سەوزاییەکاندا هەروەکوو ئەو سەردەمە کۆنانە، کەوتمە هەنگاونان، خۆشبەختانە چەندان پەپوولەی باڵ نەخشینم کەوتنە پێش چاو. لەنێو باخی سەوزەواتەکاندا داوولّیان دەچەقاند و بەرگی زەلامیان لەبەردەکردن، بۆ ترساندنی چۆلەکە و پاساری کە زەرەر و زیانیان بۆ بەروبوومی سەوزەواتەکان دەبوو، بەڵام نەداووڵ پەپوولەی دەترساند و نەپەپوولەیش لەداووڵ سڵیان دەکردەوە.

جووڵەی پەپوولەکان دەورانی منداڵییان وەبیر دەهێنامەوە کە بەجۆشوخرۆشەوە بەدووی ئەو مێرووە باڵدارە ئێسک سووکانە دەکەوتم، بەڵام ئێستا ڕێ بەخۆم نادەم بیانگرم و پەڕوباڵیان بڕاکێنم! چەندم پێ خۆشە دڵم والا بکەم و بیکەم بەباخچەیەک، بۆ ئەوەی کۆمەڵێک پەپوولەی باڵ ڕەنگین لەنێویدا لەجووڵە و هەڵفڕیندا بن. تێکڕای هەڵسوکەوت و ئارەزوو و خواستەکانم، ئەو ڕاستییەیان دەردەخست کە مرۆڤ هەرچەند تەمەنیشی هەڵبکشێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت خۆی لەچنگی دەورانی منداڵی ڕزگار بکات .

بۆ ڕۆژی دواتر لەڕێگەی مۆبایلەوە تەلەفۆنم بۆ خانمێکی قەیرەی ناسیاومان کرد کە وەکوو بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان بۆ ماوەیەکی زۆر دەچوو دەست بەکاربوو، پێم ڕاگەیاند کە نەخشەی دانانی کتێبێکم لەبارەی دنیای پەپوولەوە هەیە، بۆیە خوازیارم لەو ڕووەوە چەند پرس و ڕایەکی پێ بکەم، بەسەرسوورمانەوە بەدەم داواکارییەکەمەوە هات، بەجەختەوە دەڵێم ماڵی خۆیشی و باخچەی منداڵانەکەیشی ئاوا بێت. بەپەلە خۆم گەیاندە ئەو مەڵبەندە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە . ئەو خانمە بەڕێزە پێشوازییەکی گەرمی لێ کردم، بەتایبەتی کاتێک زانی بەنیازم کتێبێک لەبارەی پەپوولەوە دابنێم. ئەوەی بووە مایەی تەسەللام، کاتێک لەوێدا چاوم بەکۆمەڵێک منداڵی چاوگەشی پەپوولە ئاسای ڕوحسووک کەوت، دیوارەکانی ئەو خوێندنگایەش لەچەند شوێنێکەوە، وێنەی پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگیان لەقەد نەخشابوو .

لەگەڵ دانیشتنمدا لەژووری ئەو خانمە بەڕێزە، بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لێ کردم، سەبارەت بە نەخشەی نووسینەکەم هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستم. بەهۆی ئەوەی کە لەڕووی خێزانییەوە بۆ سالانێکی زۆر دەچوو، ماڵی ئەوان و ماڵی ئێمە ئاشنایەتیمان هەبوو، بۆیە بەڕوویەکی کراوەوە پێشوازی لێ کردم، بە دووروردرێژی بۆم دوا، تەنانەت هەندێک نهێنی تایبەت بەژیانی خۆیشی بۆم درکاند، پێمی ڕاگەیاند و وتی خۆم ئەم پۆستەم هەڵبژاردووە، وەکوو بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان بۆ ماوەیەکی زۆر دەچێت دەست بەکارم. دووپاتی کردەوە کە خۆشییەکی لە ڕادەبەدەر دایدەگرێت، کە سەرپەرشتی ئەو منداڵە پەپوولەئاسایانە دەکات، بەو ڕادەیەی زۆر خۆشیانی دەوێت و ئەوانیش پڕ بەدڵ ئەمیان خۆش دەوێت.

سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا ڕەوای هەقە، مرۆڤ ژیانی پەپوولە ئاسا بەسەربەرێت؟ لەئاستی ئە پرسیارەدا تێڕاما و بە تاساچوو! پاشان لەبارەی ژیانی خۆیەوە بۆم دوا، بۆمی

ڕوون کردەوە کە لەسەروبەندی تەمەنی تازە هەڵچوویدا، هاوشێوەی پەپوولە بێ ئاگا بووە لەتەنگژە و پێچوپەناکانی ژیان. کەم ئەزموونی لەژیاندا زەرەر و زیانی زۆری پێ گەیاندووە، بەو ئەندازەیەی ژیانی سەرەو لێژ کردووەتەوە. جەختی لەوە کردەوە کە زۆر هەڵەیە مرۆڤ هەموو ژیانی پەپوولە ئاسا بباتەسەر. لەو ڕووەوە درێژەی بەقسەکانی دا و وتی:

- لەسەرەتای ژیانمدا کچێکی تازەهەڵچووی جوانکیلەی پەپوولە ئاسا دەژیام، بێ ئاگا بووم لە پێچوپەنا و هەورازونشێوەکانی ژیان. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کوڕێکی دراوسێمان شەیدای جوانی و هەڵسوکەوتم بوو، منیش بێ وچان دەستم بەڕوویەوە دەناو لێی دوور دەکەوتمەوە، ئەویش وەک منداڵ بەدووم دەکەوت و منیش وەکوو پەپوولە لەبەردەمیدا هەڵدەفڕیم و خۆم لێی دوور دەخستەوە. ڕۆژێک ڕووبەڕووم بووەوە و ڕادەی خۆشەویستی خۆی بۆم دەربڕی، منی بێ ئەزموونیش هەندێک قسەی وشک و ڕەقم بەتەنگەیدا دا! ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە لێم تەوەللابوو، ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیی، چیتر نەگەڕایە دواوە .

خانمی بەڕێزیان لەو قسانەی بووەوە و ڕەنگ و ڕووی گۆڕا. پاش بێ دەنگییەک، درێژەی بەقسەکانی دا و وتی:

- منی پەپوولە ئاسای بێبەش لە شارەزایی دنیا بەتەنیا مامەوە، ئەو کوڕەیش کە نامەوێت ناوی بهێنم، ژنی هێنا و ماڵی پێکەوە نا. ئێستا خۆشبەختانە چەندان وەچەی خستووەتەوە، منیش ژیانم بەسەرچوو و وەکوو دەوترێت بەقەیرە کچی مامەوە و شووم نەکرد، ئێستا تاک و تەنیا دەژیم .

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەو هەموو قسانەی لەدەم دەرچوون. سەرلەبەری ژیانی خۆی هاتنەوە یاد. لەلایەکەوە دڵخۆش بووم بەوەی کە بەڕاستگۆییەوە بۆم دوا، لەلایەکی تریشەوە نیگەرانی دایگرتم سەبارەت بەوەی کۆنە برینی هاتەوە سوێ! سپاس و پێزانینی خۆمم ئاراستەی کرد، بەو پێیەی هەموو وتەکانی سوودبەخش بوون بۆم و پاڵپشتی پرۆژە ئەدەبییەکەمیان دەکرد.

هەڵسامە سەرپێ بەو مەبەستەی ژوورەکەی بەجێ بهێڵم، بەڵام پێش دەرچوونم داواکارییەکی خۆی بۆ دووبارە کردمەوە کە دەبێت ناوی پارێزراو بێت. لەهەمووی گرنگتر پوختەی ڕاوبۆچوونەکانی خۆی بۆم دووپات کردەوە و بەجەختەوە وتی:

- پێویستە مرۆڤ لەم سەردەمە جەنجاڵەدا، بەدرێژایی کات دەوری پەپوولە نەنوێنێت.

بۆ ڕۆژی دواتر بۆ جارێکی تریش کەوتمەوە سەر کەڵکەڵەی پرس و ڕا لەبارەی خولیاکەمەوە. یەکسەر پیاوێکی هەژاری ڕووخۆشی دەم بەپێکەنینم کەوتەوە یاد، ئەگەرچی ناوی ڕاستەقینەی خواکەرەم بوو، بەڵام لەنێو خەڵکیدا بەمام پەپوولە ناسرابوو. ڕووم کردە ماڵیان کە لەنێو خانوویەکی پەڕپووتی هەژارانەدا دەژیان. لەدەرگام داو زۆری پێ نەچوو دەرگام بەڕوودا کرایەوە، مام پەپوولە بەشەلەشەل هەروەکوو خەسڵەتی خۆی بەڕوویەکی گەش و بەدەم پێکەنینەوە پێشوازیی لێ کردم. بەوپەڕی سەرسامییەوە قۆڵی گرتم و بەرەو ژووری دانیشتن بردمی، یەک لەسەریەک بەگەرمییەوە بەخێرهاتنی لێ دەکردم. سێ منداڵی وردیلە کە دووانیان کوڕ بوون و ئەوی تریان کچ بوو، هەروەکوو ئەوەی باڵیان لێ ڕوابێت، بەدەوروبەرماندا دەسووڕانەوە. مام پەپوولە بەمیوانداری کردنم زۆر کەیف خۆش بوو. ژنەکەی لەماڵ نەبوو، بەڵام بەو

بووایـە هەرچییـەک لەماڵەکەیـدا هەیـە بیخسـتایەتە بەردەمـم. بـۆ ماوەیـەک کەوتینە دەمودوو. سـەبارەت بەنازناوەکـەی بـۆم دوا و وتـی:

– لەگـەڵ مـەلای ڕەحمەتـی باوکتـدا زۆر ئاشـنا بووین، هەرئەویش نـاوی مـام پەپوولـەی بەسـەرمدا دابڕی، ئێسـتایش نـاوە ڕاسـتییەکەی خـۆم بزربـووە، خەڵکـی دوورونزیکیـش هـەر بەمـام پەپوولـە نـاوم دەهێنـن .

منداڵـە وردەکانیـش هەروەکـوو پەپوولـەی بـاڵ نەخشـین، تـاو ناتاوێـک دەهاتـن و لێـی نزیـک دەبوونـەوە، ئەویـش گۆنایانـی مـاچ دەکـرد. ڕووی دەمـی تێکـردم و وتـی:

– ئەمانـە منداڵـی کـوڕە گەورەکەمـن و مـن باپیرەیانـم. کـوڕە گەورەکـەم و منداڵەکانیـش خـۆم ئاسـا پەپوولـەن .

کاتێـک تێگەیشـت کـە بەپەرۆشـەوە گـوێ بیسـتی قسـەکانیم، درێـژەی پێـداو بەدەنگێکـی پـڕ لەخـەم و ئـازارەوە وتـی:

– داخـی گرانـم کـوڕە بچووکەکـەم بەپێچەوانـەی بـرا گەورەکەیـەوە، دەتوانـم بڵێـم زەردەواڵەیـە، ئەوەنـدە کەتـن و فرتوفێڵـی هەیـە کـە سـەرچاوەی خـەم و خەفەتـە بـۆ هەموومـان، ئێسـتایش لـە کونجـی زینداندایـە.

بـۆ ماوەیـەک لەسـەر قسـەکانمان ڕۆیشـتین. مـام پەپوولـە کۆمەڵێـک سەرگوزشـتەی پـڕ لـە سەیروسـەمەرەی لەبـارەی ژیانـی خۆیـەوە بـۆم گێڕایـەوە، منیـش لەئاسـتی خۆمـەوە هەمـووم بەهەنـد وەردەگرتـن و سـوودی تـەواوم لـێ دەبینیـن. لەدواییدا پوختـەی قسـە و ڕاو سـەرنجی خـۆی بـۆم چـڕ کـردەوە و وتـی:

– زۆرجـار ئـەم خەسـڵەتە پەپوولەییـەی خـۆم، کێشـە و سـەر ئێشـەی بـۆم هێناوەتـە پێـش، لەچەنـدان قۆناغـی ژیانیشـمدا وەهـای کـردووە کـە زەرەرمەنـد بـم، بۆیـە بەکـورت و کرمانجـی وەهـای دەبینـم کـە مـرۆڤ لـەم سـەردەمەدا، نـە وەک مـن هاوشـێوەی پەپوولـە بێـت، نـەک وەک کـوڕە بچووکەکەیشـم هاوشـێوەی زەردەواڵـە بێـت.

سـپاس و پێزانینـی خۆمـم بـۆ دووپـات کردەوە، پاشـتر ماڵئاواییـم لـێ کـرد و ئەویـش بەڕوویەکـی خۆشـەوە بەڕێـی کـردم. بـەدەم ڕێ بڕینـەوە قسـەکانی مـام پەپوولـەم لەمێشـکدا دەزرنگانـەوە. بـۆم دەرکـەوت کـە منیـش هاوشـێوەی مـام پەپوولـە، چەنـدان جـار لەژیانمـدا نائومێـد و دەسـتخەڕۆ بوومـە، ئـەو فەلسـەفەیەی کـە مـام پەپوولـە خسـتییەڕوو، پڕاوپـڕ لەجێـی خۆیـدا بـوو کاتێـک وتـی:

– لەژیاندا نە پەپوولە و نە زەردەواڵەش بیت.